## سەرکردایەتی و جەماوەر . ئەندازیار سەلاحەدین بابەکر

بڕیاری دابەزینی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە تەنهاو لیستێکی سەربەخۆ، بڕیارێکی پڕ بە پێستی واقیعی ئەمڕۆی کوردستانە، ئەمە بێجگە لەوەی داخوازییەکی ئەندامان و ڕێکخستنەکانی خۆشیەتی هەر لەبەر ئەوە بڕیارەکە جێگای خۆشحاڵی جەماوەرو ئەندام ولایەنگرو هەوادارانی یەکگرتوو بوو،هەر بڕیارێکیش زەمینەسازێکی لەو جۆرەی هەبێ - پشت بە خوای گەورە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ.

یەکگرتوو لە پێناو شڵەقاندنی گۆمی مەنگی دیموکراسیەت لە کوردستاندا ئەو بڕیارەی دا، دەیەوێت گەمەی ساردو سڕی دیموکراسیەت لە کوردستاندا گەرم بکاتەوەو مانا حەقیقیەکان بۆهەڵبژاردن و سندوقەکانی دەنگدان بگەڕێنێتەوە، چونکە هەموومان دەزانین یەکێ لە مانا سەرەکییەکانی هەڵبژاردن بریتییە لە کێبرکێ و مونافەسە، واتە پێویستە لە ڕێگەی هەڵبژاردن و سندوقەکانی دەنگدانەوە زەمینە سازو خۆش بکرێت بۆئەوەی جەماوەر لە نێوان ئەو لایەنەو حیزبانەی کێبرکێ ومونافەسە دەکەن، بتوانێ باشترین و گونجاوترینیان هەڵبژێرێ و دەنگی پێ بدات، بەڵام کاتێك ئەو مونافەسەیە نەبوو جەماوەریش تاقەتی نابێ بەشداری هەڵبژاردن بکات، هەرلەو روانگەیەوە یەکگرتوو ئەم جارەیان نەچووە ناو لیستی هاوپەیمانی کوردستان، بۆ ئەوەی کەناڵێکی تر لەبەردەم خەڵك و جەماوەری کوردستان بۆ دەنگدان بکاتەوەو کەش و هەوای مونافەسەی دیموکراسییانە خۆش بکات.

خەڵك و جەماوەری کوردستان بێزار بوون لە یەك لیستی،بەو جۆرەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا پەیڕەو دەکرێت، چونکە بواری مونافەسەو هەڵبژاردنییان لە بەردەمدا دادەخات، ئەمە جگە لەوەی لەیەك لیستی تەوافوقیدا پێش وەخت بەرەنجامەکان زانراون، ئەمەش لەگەڵ گیانی هەڵبژاردنی ڕاستەقینەدا یەك ناگرێتەوە.

هەموو ئەمانەش وادەکەن کە هەڵبژاردن و بەرئەنجامەکانی نەبنە هۆکاری گۆرانکاری و چاکسازی سەرەنجام ئەم حاڵەتە سەردەکێشێ بۆ پەیدابوونی گەندەڵی بە هەموو جۆرەکانیەوە، بۆیە یەکگرتوو دەیەوێت هەنگاوی یەکەمی چاکسازی و ئیسلاح لە ڕێگەی هەڵبژاردن و سندوقەکانی دەنگدانەوە دەست پێ بکات.